# پەتاتەی سورەوەکراو مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زێددەکات

**چەند ساڵێکە ئاماژەدەکرێت کە شێرپەنجەی مەمکی ئافرەت (لەتەمەنی لاوی دا) پەیوەندی بە شێوەی خۆراك خواردنەوە هەیە . پێشتر ئاماژەی پێکراوە کە ڕێژەیەکی بەرزی چەوری نێوخۆراك پەیوەندی بە شێرپەنجەی مەمکەوە هەیە .**

**توێژیارە ئەمێریکاییەکان توێژینەوەیەکییان لە** Brigham and Women s Hospital in Bosten and Harvard Medical School **ئەنجامداوە کە** 2000 **ژنی لە خۆگرتبوو.**

**بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکان ئەو ئافرەتانەی لە تەمەنی منداڵیدا** 3 – 5 **ساڵان هەفتانە ژەمێك پەتاتەی سوورەوەکراوی ئامادەکراویان خواردووە لە دواڕۆژدا مەترسی تووشبونیان لە** 27٪ **زێدی کردووە کە تووشی شێرپەنجەی مەمك ببن.**

**ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پاڵپشتێکە بۆ ئەو تیۆریانەی کە ئاماژەیان دەکرد کە شێرپەنجەی مەمك پەیوەنی بە جۆری ئەو خۆراکەوە هەیە کە لەو تەمەنە دا دەخورێت .**

**ئەم زانیاریانە لەو دایکانە وەرگیراوە کە لە مەڕ خواردنی پەتاتەی سورەوەکراوی منداڵەکانیانەوە دواون و بۆتە بنچینەی توێژینەوەکە .**

**هەندێك پسپۆری ئەم بوارە پێیان وایە کە باسەکە پەیوەندی بە هۆرمۆنەوە هەیە ، واتە ڕێژەیەکی بەرز لە هۆرمۆن لە نێو خانە چەورییەکاندا کۆدەبێتەوە و کە یارمەتیدەرە بۆ دەرکەوتنی ئەم جۆرە شێرپەنجەیە .**

**سەرچاوە**

1– ڕۆژنامەی (Aftonbladet) سویدی ڕۆژی 18ی ئاوگوستی 2005 .